یەك

دەروازە

نامۆبوون (Alienation) یەکێک بوو لە گرنگترین و موناقەشەئامێزترین تێمەکانی سەدەی بیستەم و تیۆریزەکردنەکەی مارکس ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی لەم مشتومڕانەدا گێڕاوە. وێڕای ئەمانە، بەپێچەوانەی ئەوەی دەکرێت بیری لێبکەینەوە، خودی چەمکەکە بەشێوەیەکی هێڵیی گەشەی نەکرد و بڵاوکردنەوەی ئەو دەقانەی پێشووتر نەناسرابوون، کە بیرکردنەوەکانی مارکسی لەسەر نامۆبوون هەڵگرتبوو، ساتگەلێکی گرنگیی لە گۆڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم تیۆرییەدا هێنایە ئاراوە.

مانای ئەم زاراوەیە چەندین جار بەدرێژایی سەدەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە گوتاری تیۆلۆژیی (ئیلاهیناسی)دا بۆ مەودای نێوان مرۆڤ و خوا بەکارهێنراوە؛ لە تیۆرییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا، بۆ لەدەستچوونی ئازادیی بنچینەیی تاک بەکارهێنراوە؛ و لە ئابووریی سیاسیی ئینگلیزیشدا، ئاماژە بووە بۆ حەواڵەکردن و گواستنەوەی خاوەندارێتیی مواڵک و مومتەلەکات. یەکەم لێکدانەوەی سیستەماتیکیی فەلسەفیی بۆ چەمکی نامۆبوون لە لایەن فرەدریش هێگڵی فەیلەسوفەوە بووە کە لە کتێبی ***فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح*** (1807)دا زاراوەکانی *Emtäusserung* (وەرگێڕانی حەرفیی دەبێتە

خۆ-لەدەرەوەڕاگرتن یان دەستبەرداربوون) و *Entfremdung* (بێگانەبوون)[1] بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕینی ڕۆح بۆ ئەویدیکەی ناخودیی لە مەیدانی بابەتێتیی(ئوبێکتیڤیتە)دا بەکارهێناوە. پرسیارە سەرەکیی و گشتییەکە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لە نووسراوەکانی هێگڵییە چەپەکان و تیۆری نامۆبوونی ئایینیی لە کتێبی ***جەوهەری مەسیحییەت***(1841)ی لودڤیگ فۆیەرباخ – واتا خستنەسەر و پرۆجەکشنی جەوهەری ئینسان بۆ نێو خودایەکی خەیاڵیی – بەردەوامی پێدرا و ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەسەندن و وەرچەرخانی ئەم چەمکەدا هەبوو. پاشان نامۆبوون لە ڕامان و بیرکردنەوەی فەلسەفیدا دیارنەما و هیچ یەکێک لە بیرمەندە دیارەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە سەرنج و کاتێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم چەمکە تەرخان نەکرد و بیریان لێنەکردەوە. تەنانەت مارکسیش بەدەگمەن لەو بەرهەمانەی لەسەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ و بڵاوکرانەوە ئەم چەمکەی بەکارهێناوە و ئەم چەمکەش بەتەواوی لەلایەن مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دوو (1889-1914) فەرامۆشکراوە و غائیب بووە.

هەرچۆنێک بێت، بەدرێژایی ئەم قۆناعە، چەندین بیرمەند گەشەیان بە چەند چەمکێک دا کە دواتر پەیوەندییان بە چەمکی نامۆبوونەوە کرد. ئەمیل دۆرکهایم لە هەردوو کتێبەکەیدا ***دابەشکردنی کار*** (1893) و

[1] estrangement

خۆکوژیی (1897)، زاراوەی "ئانۆمی" بۆ دەرخستنی کۆمەڵە دیاردەیەک بەکارهێنا کە بەهۆیەوە بەها و نۆرمە گەرەنتیکەرەکانی پێکەوەیی کۆمەڵایەتیی دوای بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی سەرەکیی دابەشکردنی کار، دەگلێنە نێو قەیرانەوە. ڕەوتە کۆمەڵایەتییە پێکەوەییەکان بەگۆڕانکارییە گەورەکانەوە کەوتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە هەروەها وەک بنەمایەک بۆ بیرکردنەوەی کۆمەڵناسانی ئەڵمانیی: جیۆرج زیمیل، لە کتێبی ***فەلسەفەی پارە***(1900)دا، سەرنجێکی گەورەی خستە سەر هەیمەنەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر تاکەکان و بەناشەخیبوونی بەرچاوی پەیوەندییە ئینسانییەکان؛ لەکاتێکدا ماکس ڤێبەر لە کتێبی ***ئابووریی و کۆمەڵگا***(1922)دا، جەختی لەسەر دیاردەی "بەبیرۆکراتیبوون"ی ناو کۆمەڵگا و "عەقڵانییەتی ژمێریاریی" ناو پەیوەندییە ئینسانییەکان دەکردەوە و ئەمانەشی وەک جەوهەری سەرمایەداریی لەقەڵەم دا. بەڵام ئەم نووسەرانە وابیریان دەکردەوە کە دەستیانکردووە بە وەسفکردنی ئاراسە و مەیلە نەوەستاوەکان و تێگەیشتن و ڕامانەکانیان بەگشتیی بەو ئارەزووەوە دەگیرایە بەر کە نەزمی بالادەستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باشتر بکەن – هەڵبەتە بێگومان نەک ئەوەی جۆرێکی دیکە بکەنە جێگرەوەی ئەم نەزمە.